# سێهەمین سەپاندنی سەزا بەڕێوە
# پاشان چی ؟

**نووسینی ح. سەعیدی**

وادیارە وڵاتانی نەیاری چەکی ئەتۆمی ئێران ڕژدن لەسەر ئەوەی ئێران دەبێ پیتاندنی ئۆرانیێۆم ڕابگرێ، هاوکات ڕژیمی ئێران سوورە لەسەر بەردەوام بونی پیتاندنی ئۆرانێۆم.
هاتوچۆو هەرەشەودڵنەوای ئەمدوایێانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەکۆڵی و سەرەڕۆی سەرانی ڕژیمی ئێران بووەتە سەردێری ئەخباری ڕۆژانەی مەیدیاکانی جیهانی.
ئەگەرچی ڕووس و چین بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان کەمێک کەلەوکێشی دەکەن و سەرزارەکی بەڵێنی ئەوە بە ئێران دەدەن کە هەموو تواناکانی خۆیان وەگەر دەخەن بۆئەوەی سەزای سێهەم بەسەر ئێراندا نەسەپی وە ئەگرچی ئەلبەرادەعی بەشێوەیەکی زۆرئاشکرا لایەنگری لەئێران دەکا بەڵام بابەتی پیتاندنی ئۆرانیێۆمی ڕژیمی ئێران واگنخاوە ،وا بۆگەن بووە کە بەلاوێچیک یا دوو لاوێچ خێو عیلاجی ناکرێ.بۆیە واپیدەچێ کە سەپاندنی سەزای سێهەم بەرێوەبێ.
بەڵام پرسیار ئەوەیە پاشان چی ؟
ئایا دەبێ چاوەڕوانی سەزای چوارو پێنجییش پکێن یا چ کەردەن؟

دامودەسگای ئیدارەی بووش لەتەواوی ئەم قۆناغانەدا تێکۆشاوە کە بە وریایی کارەساتی پیتاندنی ئۆرانیێۆمی ئێران پکاتە کارەساتیکی جیهانی دەگەڵ ئەوەش بەجیهان بەسەلمێنێ و قانعی پکا کە ئیدارەی بووش شەرخۆاز نییە وە لایێنگری لە چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە بەشیوەی دییالۆگ ودیپلوماسییە.

بەڵام ئایا ئیدارەی بووش بەڕاستی خۆازیاری چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەیە ؟
ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە و هەڵسەنگاندنێکی وەتوویژوهەڵس وکەوتی ئەوسەردەمەی ئیدارەی بووش لەمەر قەیرانی عێراق وەبیرخۆمان بێنینەوە، وێچوونێکی ئێجگار سەرنجراکێش بەدی دەکرێ.

ئەساسی سیاسەتی ئیدارەی بووش لەم قۆناغەدا ئەوەیە کە تادەتوانێ وپێدەکرێ ڕای گشتی جیهانی بۆ لەپەراوێز دانان و گەمارۆدانی ئێران دەگەڵ خۆیی هاودەنگ پکا.
بۆ ئەم مەبەستە جیاواز لە دیپلۆماسییێکی توندوتۆڵی ئیدارەی بووش و هاوپەیمانەکانی سەرۆک کۆماری ڕژیمی یێران وەکوو دیارییێکی غەیبی دێ بەهانای سیاسەتی ئیدارەی بووشەوە.
ئەحمەدی نەژاد ڕۆژبەرۆژ بەلاپرەسەنی خۆێ و ناحالیبون لەئەوزاعی جیهانی بۆتە باشترین داردەستی ئیدارەی بووش کە هەروڵاتێک بیەوێ لایەنگری لەئێران پکا بۆخۆێ دەکەوێتە پەراویزەوە وە دەکرێتە نیشانە بۆ تیروتوانجی گشتی.

ئایا ئەمریکا و ڕۆژئاوا هێرش دەکەنەسەر ئێران ؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ کەمی وەگەڕێینەوە دۆاوە و کورتەباسێک لەرسەر لیبرالیسمی نۆی بەخەرێتە بەرچاوو.
دیارە ئامانجی من ئەوە نییە کە باسێکی تێروتەسەل لەسەرە ئەم بابەتە بکەم وە لەهەدەفی ئەسلی باسەکە کە ئیمکانی هێرشی ئەمریکا و دۆستانی ئەو بۆ سەر ئێران دووربکەومەوە، بەڵام بۆئەوەی هۆی ڕاستەقینەی هەڵس وکەوتی ڕۆژئاوا بەسەرۆکایەتی ئەمریکا بەباشی دوور لە ئەو پرۆپاگەندە ڕواڵەتییانەی کە ڕۆژئاوا دەیکا بخرێتە بەرچاو و لە سەر ئەم بەنەمایە و لەژێر ڕووناکی هۆکاری ڕاستەقینەی ئەوان ئێمەی کورد چۆن هەڵس وکەوت پکەین کە دۆڕاوی سەرگۆڕەپانەکە نەبین.

ئێدەلۆژی لیبرالیسمی نۆی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە جدی کەوتە ئاراوە وە بۆ جاری یەکەم لەساڵەکانی پەنجاکاندا لە زانستگای شیکاگۆ لە لایەن چەند پسپۆری ئابوورییەوە لەسەر هەموویانەوە *فرایدمەن* گەڵاڵەو تیئۆریزە کرا. ئەساسی ئەم تیئۆرییە لەسەر بێدەسەڵاتکردنی دەووڵت بەسەر

سەرمایە و بازارە .ئەوان دەیانەوێ کە سەرمایە کۆکراو بەئازادی بێ دەخالەتی دەوڵەت بۆخۆی بڕیار بدا کە چۆن و لە کوێ وەگەڕ پکەوێ و ئەوان بۆخۆیان دیاری کەن کە چەندە دەست موزد بدرێ بە ئەوانەی کاری خۆیان دەفرۆشن.
دەوڵەت و کۆمەڵ نابێ خاوەنی دامودەسگای بەرهەمهێنان بن، بەڵکوو ئەوە کەرتی تایبەت دەبێ بیبابەڕێوە، دەووڵەت تەنیا دەبێ پارێزەری کۆمەڵ بێ و بۆ ئەم کارە خاوەنی ئەرتەش و پۆلیس و دامودەسگای قانوونگوزاری و ئاسایشی وڵاتەکەی پێدەبێ.
ئەم ئیدیۆلۆژیە هەر لەسەرەتاوە بەتەواوی توانیویە دژبەری بازاری ئازادی سنووردراری کردووە تەنانەت ئەوان ئەمجۆرە سیستمە ئابووریە بە دووژمنتر دەزانەن هەتا سیستمتێکی کۆمۆنیستی.
لەسیستمی بازاری ئازادی سنووردارکراو کاپیتالیستەکان دەگەڵ رابەرانی سیاسی وڵاتەکە تەوافقیان کردوە کە بەشیک لە بەرهەمی کار و سەرمایە بگێرنەوە بۆ گەل و وڵاتەکە و بەرێوەبەرانی سیاسی و وڵاتەکە بتوانن لەم دابەشکردنەدا دەوری بەرچاویان هەبێ.
هۆێ سەرەکی ئەم تەوافقە ئەوەبوو کە خڵکی وڵاتەکەیان بتوانن بەتیروتەسەلی بژین و بەرگری بکرێ لەوەی کە خەڵک وەدوای ئیدیۆلۆژی فاشیزم و کۆمۆنیزم پکەوەن.
ئەم لێکگەیشتنە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بەتایبەت لە ئوورووپا پەرەیسەند.
ئەم شێوە کاپیتالیزمە بە کاپیتالیزمی مەقبووڵ و مووحتەرم ناودەبرێ، کاپیتالیزمی مەقبووڵ بەشیک لەقازانجی خۆێ بەگوێرەی یاسای وڵاتەکە لە قەبارەی مالیات دەدا بەبەڕیوەبەرانی وڵات بۆ دابەشکردەنی بەسەر کۆمەڵدا، وەکو خوێندن و بێهداشتی ڕایگان ،حەقی پەککەوتەن، مووچی بێکاری و نەخۆشی ،یاسای کار و............
هاوزەمان دەگەڵ ئەم دوو ڕەوتە ڕەوتێکی سێهەمیش هاتە ئاراوە ئەویش ڕەوتی ناسیۆنالیستی ڕادیکاڵ بوو لە وڵاتانی جیهانی سێ کە لەحاڵی پێشکەوتن دابوون، ئەساسی تئۆری ئەم سیستمە لەسەر بناغی پشتبەخۆ بەستن دامەزرابوو .
ئەم تئۆریە دەڵێ بەرهەمی خۆماڵی و کارخانەجاتی ناوخۆیی دەبێ یارمەتی بدرێ کە بتوانێ دەگەڵ بەرهەمی لاوەکی رەقابەت پکا و زۆربەی زۆری کارخانە گەورەکان لەژێر چاووەدێری دەوڵەتدایە و بەهۆی ئەم کۆنترۆڵەوە داهاتی زۆری کان و کانزاکان دەووڵت توانای ئەوەی پەیداکرد کە رەفۆرمی ئێجگار گەورە لەم وڵاتانە پیادە پکا.
لەپەنجاکان وڵاتانی جیهانی سێ پێ بە پێ سوسیال دەمۆکراتەکانی ئەرووپا توانیان چەندین دەستکەوتی گەورە وەدەست بینن بەتایبەت لە ئەمریکای لاتین وڵاتانێکی وەکو ئارژانتین ، شیلی،ئۆرۆگۆا کە رۆژ بە رۆژ لەباری پێشکەوتندا لە ئەرووپا و ئەمریکا نزیک دەبوونەوە کرێکاران خاوەنی سەندیکای ئێجگار بەهێز بوون، ژێرخانی ئابووری تێروتەسەل دامەزرا و وەزعی ژیانی خەڵک روو لە باشی بوو. لەو ساڵانەدا لەئارژانتین ڕێژەی دەوڵەمەندی مامنێونجی کە شاخسێکی بەرچاووە بۆ وەزعی ژیانی وڵاتێک لە هەموو وڵاتانی ئەمریکای لاتین زیاتر بوو.
لەئۆرۆگۆا رێژەی خوێندەواری لەسەدا نەوەدوو‌پێنج بوو، بێهداشت داوودرمان بۆ هەمووکەس بەبەلاش بوو.ئەم وەپێشکەوتنەی ئەمریکای لاتین بوو بە هاندەرێک بۆباقی وڵاتانی جیهانی سێ کە هەوڵ بدەن بەلاسایی کردنەوی ئەو وڵاتانە ئەوانیش خۆیان بگەێینە رادەی ئەوان.
بەهۆی بوونی ئەم حاڵەتەدا سەرمایەی کۆکراوەی پاش شەڕی جیهانی جێگای پێ لێژ کرابو و نەیدەتوانی لەوەێ کە تائێستا وەدەستیکەوتووە لە وڵاتەکەی خۆی، ئەمریکا وەدەستی بێنێ و پێویستی بەبازاری تازە هەبوو بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان .
بەهۆی هەبوونی ئەودەوڵەتە سەبەخۆیانەی کە پێکهاتبوو و ئیجازەیان نەدەدا کە کۆمپانیە خاوەن سەرمایەی ئەمریکی بەهاسانی سەرمایەی خۆیان پخەنە گەڕ، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر جێگایان پێ لێژ دەبوو، ئەم هۆیانە و بەپاڵپشتی هاندانی لاێنگرانی تئۆری بازاری ئازادی بێسنوور دەسەلاتدارانی ئەمریکی هاندا کە بۆ وەگەڕخستنی سەرمایەی کۆکراو دژبە وڵاتانی لەحالی ڕۆشدا دەستبەکاربێ.
یەکەم قوربانی ئەم هێرەشە حکوومەتی دوکتۆر مووسەدەق بوو لە ئێران و پاشان سووکارنۆ لە ئەندوونیزی و.........................

مەبەست لەم ئاوڕدانەوە کورتە ئەوەبوو کە بلێم ئیدەئۆلۆژی کۆنسرواتیسم کە ئێستا پێدەڵێن کۆنسرواتیسمی نوێ یا لیبرالیزمی نوێ شتێکی تازە نییە و بەدایم هەوڵی داوە کە خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ ، لەمەوبەر بەنێوی شەڕ دژی کۆموونیست و ئێستا لەژێر نێوی شەڕ بەدژی تڕۆریزم.
ئەساس و ناوەڕۆکی تیئۆری لیبرالیسمی نوێ ئەوەیە کە شەڕونائارامی و بەڵای ئاسمانی دەبێتە هۆی تێکشکانی ساختاری وڵات و ئەوە لەخۆیدا باشترین هەل دەرخسێنی بۆ وەگەڕخستنی سەرمایە، لەبەر ئەوە ئەگەر بەڵای ئاسمانی وەکو سوونامی لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا یا لافاوی بەهێزی کاترینا لە ئەمریکا روونەدا ئەوە شەڕوویرانی ئەو هەلە دەرەخسێنێ.
لەم ساڵانی دواییدا لاێنگرانی لیبرالیسمسی نوێ ئیجگار ئاکتیڤ کەوتوونەتە خۆ لە هەمو شێۆنێکی ئەم جیهانە. پاش یازدەی سەپتەمبر لاینگرانی ئەم فکرە هەلێکی مێژوویان بۆ رەخسا کە ئەوان بە وریاییەوە کەڵکیان لێوەرگرت و یەکەم هەنگاویان ناوخۆی ئەمریکا بوو کە دەست کرا بە هەڕاجکردنی خەدەماتی وڵاتەکە و درا دەست کەرتی تایبەت. بۆ نموونە پیش یازدەی سەپتەمبەر دابینکردنی باری ئاسایشی وڵات لەژێر چاوەدێری و سەربەدەووڵەت بوو بەڵام لەوساڵەوە تا ساڵی دووهزاروشەش بەنێوی پاراستنی وڵات لەترۆریزم نزیک بە *__سەدوویازدەهەزار__* قەراردادی دەگەڵ کەرتی تایبەت مۆرکردو و پاش وێرانیی گەورەی لافاوی کاترینا لە ئەمریکا کە رووبەڕێکی ئیجگار گەورە وێرانبوو و هزاران کەس ماڵوحالی لەدەسدا کە زۆرێان کرێنشین بوون، قەت نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ سەر جێ وشوێنی خۆیان بەهۆی ئەوە کە لەجیاتی ئەوماڵە ئاووبردووانە کەرتی تایبەت ماڵی گرانی لێ درووست کرد کە نە بە کڕین و نە بە کرێ لە وزەی لێقەوماواندا نەبو .
هەرئەم سەناریۆیە پاش هاتنی سوونامی لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا قەوما ، لەجێاتی ئەوچەند گوندی لێوار دەریا کەخەڵکەکەی ماسیگربوون، دەیان هۆتیلی پێنچ ئەستێرە بۆ تۆریست دروستکرا .
لەبەر ئەوە من بەشبەحالی خۆم پێم سەیر نییە کە بووش حازر نابێ پەیمانی کۆیتوو بۆ چارەسەری بەرزبوونەوەی گەرمای زەوی مۆر پکا ،چونکە ئەم تیکچوونە و بەرزبونەوەی گەرما هەرئێستا ئاسەوارەکانی دەرکەوتووە ، رۆژ نیە کە لافاو و ڕەشەبا وڵاتێک تووشی وێرانی نەکا کە دەبێتە جژنی کاپیتالیزمی جیهانی و سەرمایەی گەڕۆکی ئەوان.
لیبرالیسمی نوێ دەڵی واڵا کردنی بازار و ئازادی بێ سنووری سەرمایە دەستەخوشکی دیمۆکراسییە. ئەوە بووەتە دڕۆشمی سەرکی ئەوان و بەهەمووشێوەیەک ، بە هەموو تواناپانەوە ئەم شۆعارە دەرخۆاردی جیهانی دەدەن.
پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوە درووستە ؟
هەروەک پێشوو باسمانکرد ئەم ئیدیۆلۆژیە هەر لەسالەکانی پەنجاوە جێ پەنجەی دیارە لە کۆدەتای نیزامی و ترۆری ناحەزانی خۆی کەس لەبیری نییە کە پاش لابردنی ناحەزانی خۆیان حکوومەتێکی دیمۆکرات هاتبێتە جێگای. جاران شەڕیان دەکرد بۆ لە بەینبردنی کۆموونیزم، ئێستا بۆ لەبەینبردنی ترۆریست. قەت بە راشکاوی نەیانگوتووە و نایڵێن کە ئەوان ئەوە دەکەن بۆ زاڵکردنی کاپیتالیزمی جیهانی کە رۆژئاوا و ئەمریکا رابەرایەتی دەکەن.

ئامانجی نەهایی لیبرالیسمی نوێ بەتەنیا عێراق نییە بەڵکو هەموو رۆژهەلاتی ناوەراستە.
پرۆژەی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە دیان جار نووسراوە و گوتراوە.

تەرحی هێرش بۆ سەر عیراق بە ترساندەن و تۆقاندنی جەماوەری ئەمریکا دەستپێکرد و ئەویش بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لە عێراق . پاوەل وولفۆیتز پیش هیرش بۆ سەر عێراق دەلێ:
***بۆهێرش کردنە سەر عێراق ئیمە هەمووومان، هەرنەبێ لەرسەر ئەم بۆچوونە،یەکین.***
هاوکات دەگەڵ ئەم بۆچوونە فورموولەکردنی ترس و تۆقاندنی خەڵکی ئەمریکا و جیهان لەسەر ئەو هەموو خەتەرەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەیە، کە هەرەشە لە بوونی ئەمریکا و رۆژئاوا دەکا بەمجۆرە ئیدارەی بووش و کاربەدەستانی وڵاتانی رۆژئاوا تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراست تێوەدەگلێنن ،

بەدایم دەگۆترێ کە تروریستەکانی یازدەی سەپتەمبەر خەڵکی عەرەبستانی سعوودی و ئیمارەتی یەکگرتووی عەرەبی و میسر و لوبنان بوون.
ئێران چەک وچۆڵ دەداتە حیزبوڵلا، پایگای حەماس لە سوورییە، عیراق پارە دەداتە بنەماڵەی ئەو تروریستانەی کە خۆیان لە ئیسراییل دەتەقێننەوە وە بەدایم ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هێرش بۆسەر ئیسراییل هێرش بۆسەر ئەمریکایە، بەم شێوەیە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراست دەبێتە ئامانجێکی پەسەندکراو بۆ هێرش کردنەسەری .
بەوشێوەیە و بە تۆقاندنی کۆمەڵگای ناودەوڵەتی لە ترۆریسم کاپیتالی گەرۆکی جیهانی هێرەش دەکاتە سەر بازاری داخراووی رۆژهەلاتی ناوەراست کە ئێجگار دەوڵەمەندە.
چونکە نەدەکرا هموو ناوچەکە بەجاریک داگیرپکا عیراق بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردرا وەکوو یەکەم قۆناخی داگیر کردەنی ناوچەکە.
*"میکاییل لەدەن"* راوێژکاری ئیدارەی بووش سەبارەت بە هەدەفی هێرشەکە دەڵی:
<u>ئەوە شەرێک بوو بۆئەوی جیهان سەرلە نوێ بەبارێکی نوێ دامەزرێنینەوە.</u>

بووش پێش هێرش بۆسەر عێراق دەڵێ: هەدەفی ئێمە بڵاوکردنەوی ئازادی و دیمۆکراسییە لە ناوچەیەکی نائارامدا، بەڵام پاش داگیرکردنی عێراق دەڵی: بەکۆتایی هاتنی ئەم شەرە لە عێراق تا دەیان ساڵ بازاری ئازاد بۆ ئەمریکا و رۆژهەلاتی ناوەراست دابیین و مسۆگەرکرا.

**پرسێار**
ئایا ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا هێرش دەکەنە سەر ئێران؟
بەبڕوای من وەڵامی ئەم پرسیارە لەدوو حاڵدا خۆی دەبینێتەوە.

ئەگەر لەهەڵبژاردنی ساڵی داهاتوو لە ئێران ئەحممدی نەژاد وەسەرناکەوی و ئەسوولگراکان لە پارلمان دەبنە کەمیینە ،لەم حاڵەتەدا دەتۆانی وابێ کە سەرووک کۆمار و پارلمانی تازە حازر بن کە دەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان وەتوویژ دەستپێپکەن، ئەوکات بەباوەری من ئیدی مەسەلەی پیتاندنی ئۆرانیۆم دەکەوێتە پراوێزەوە و ئەمریکا تەنێا بە راگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم رازی نابی، ئەوکات داخۆازی بۆ واڵا کردنی بازاری ئێران بۆ واریدبوونی کاپیتالی گەرۆکی جیهانی خاڵی سەرەکی موزاکرەدەبی.

حاڵتی دوهەم ئەوەیە کە ئەحممدی نەژاد بۆ جاری دووهمیش دەبێتە سەرۆککۆماری ئێران وە لەسەر ڕیبازی خۆی بەردەوام دەبی، لەم حاڵەتەدا من پێم وایە کە هێرش دەکرێتە سەر ئێران.

لەهەردوو حاڵتەکەدا ئێمەی کورد کە نە هڵگیرسێنەر ێاخۆ بێ ئەوەێ کەمترین دەخاڵتمان لەباروودۆخەکەداهەبووبی تێوەدەگلێن بۆی دەبێ هەرلێستەوە ئامادەگی تەواومان بۆ بەرەنگاری پێشهاتەکانی ساڵی داهاتوو هەبێ کەجارێکی دیکەش کڵاومان نەچەێتەسەر.
ڵەجیاتی ئەوەی زۆر خۆمان خەمخۆری ئێرانی عەزیز پکەین و پەیمانی برایەتی دەگڵ عەجەم و تورک مۆرپکێن و ئیمزا وەکۆپکەین کە هیرش نەکرێتە سەر ئێرانی عزیز و ئەوە پکەینە گرفتی سەرکی بۆخۆمان و گەلەکەمان، دەبێ بە وورییی و چاوکراوەیی بێنە گۆرەپانی ئەم ئاڵۆگۆریە سەپاوەی سەر رۆژهەلاتی ناوەراست و تا ئەوەندەێ پێماندەکرێ بۆ بەرژەوەندی و سەروەری نەتەوەکەمان تێبکۆشین.
باش وایە کە خەم و قوربێوانی ئێرانی عەزیز بۆ کشتگەر و کوری شا بەجێبێڵین.